# ئاخۆ محەمەد ئۆزۆن مرد، یان لە مردن پەڕییەوە؟

**محەمەد کوردۆ**

محەمەد ئۆزۆن، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێك لە ڕۆماننوسە گەورەو پڕ بەرهەمەکانی ئێمە بوو، کەچی بەداخەوە لەباشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکو پێویست نەخوێنراوەتەوە.

بێگومان ئەمەش مایەی خەمو پەژارەیەکی زۆرە، نوسەرێکی گەورە، دوای پێشکەشکردنی 15 ڕۆمان، لەناو بەشێکی زۆر لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیدا، نەخوێنرابێتەوە.

یەشار کەمال لەکاتی سەردانیدا لە نەخۆشخانەی دیاربەکر، بە ئۆزۆن-ی وتبوو: ((تۆ نووسەرێکی زۆر گرنگیت، ڕۆژێك دێت ڕەخنەگرەکان ئەمە ئاشکرا دەکەن. تۆ بالآیەکی ئەدەبیی بەرزی کوردیت، تۆ وەکو نوسەرێکی گەورە دەچیتە مێژووی کوردەوە، چونکە بە زمانی خۆیان مەینەتیو هیواکانیان دەنوسیتەوە، منیش کوردم، بەڵام تۆ لە ئێمە کوردتریت، چونکە تۆ لەکاتێکدا بە کوردی نوسییت، کە نەك نوسین، قسەکردنیش بەکوردی مرۆڤی بەرەو زیندان دەبرد)).

ئۆزۆن، ئامادە بوو خۆی بچێتە زیندانەوە، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بە زیندانیکردنی زمانی دایکی ڕازی بێت.

ئامادە بوو لە کۆشی گەرمی ئەو دایکە شیرینەی پێی دەڵێن کوردستان بێبەشبکرێتو ساڵانێکی زۆر لە دوورەوە خەونی پێوە ببینێت، بەڵام ئامادە نەبوو لە کۆشی پڕ لە میهری ئەو دایکەی پێی دەڵێن زمانی کوردی وازبهێنێت.

ئەو دەیزانی مەترسیی گەورەو ڕاستەقینە بۆ لە ناوبردنی هەر نەتەوەیەك، بەقەد ئەوەی لە داگیرکردنی زمانەکەیدایە، لەداگیرکردنی نیشتمانەکەیدا نییە.

دەیزانی ئەو نەتەوانەی تیاچوون لەبەر ئەوە نەبوو نیشتمانەکەیان داگیرکرا، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو زمانەکەیان داگیرکرا.

ئەو زۆر باش لەوە گەیشتبوو کە نیشتمانی ڕاستەقینەی نەتەوە زمانەکەیەتی.

دەیزانی نوسین بەکوردی، بۆ کورد خۆیو بۆ ئەوانەش کە هەوڵی سڕینەوەی دەدەن، چەند مانای گەورەو پڕ بەهای هەیە، لەبەر ئەوە ئامادەبوو کام باج سەختە بیدات، بەڵام واز لەو زمانە نەهێنێت.

چەند جوان بوو کە ئەم شەڕەشی لەسەر زمانی نەتەوەکەی دەکرد، بەڵام چاوپۆشیی لە هەندێك هەڵسوکەوتو شێوازی کارکردنی ئەو پێشمەرگانە نەدەکرد، کە ئامادەی گیانبازیی بوون، لەپێناوی ئەو زمانەدا، وەلێ خەریکبوون بەڕێگایەکدا دەڕۆیشتن کە بە بڕوای ئەو بە شوێنی مەبەستی نەدەگەیاندن.

ئەم نوسەرە چەند ڕاستگۆ بوو کە هاوکات لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە زوڵمو زۆری تورکەکان، ڕەخنەی لە هەڵەکانی کوردیش دەگرت.

ئەم نوسەرە کاتێك پزیشکەکانی سوید -کە لەوێ دەژیا- پێیان وتبوو: (( تۆ تەنها سێ مانگی دی دەژیت))، یەکسەر بڕیاری گەڕانەوەی دابوو بۆ دیاربەکرو وتبووشی ((من بۆ ئەوە ناچمەوە لە دیاربەکر بمرم، بەڵکو بۆ ئەوە دەچمەوە لەوێ بژیم)). ئەمەش دەشێت وەکو پەیامێکی سێ لایەنە تەماشا بکرێت:

یەکەم: ئێمە لەهەر کوێیەکی ئەم گۆی زەمینەدا بژین، هەر لەخەیاڵی نیشتمانی خۆماندایینو هێز نییە ئەم نیشتمانەمان لەبیر بباتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەی مردن بەر دەرگاشی پێگرتووین، ئێمە هەر دڵمان لای نیشتمانەکەمانەو هەر بەرەو ئامێزی گەرمی ئەو دەڕۆینەوە.

دووەم: وەکچۆن بە ژیانمانو لەگەرمەی ژیانماندا تەحەدای ئەو هەوڵانەمان کردووە کە ویستویانە بەناهەق ئەم نیشتمانە ئازیزەمان لێبدزنو لەبیرمانی ببنەوە، بە مردنیشمانو لەگەرمەی مردنیشماندا هەمان تەحەدای ئەو هەوڵانە دەکەینەوە.

سێیەم: ئێمە کاتێك لە ویژدانی نیشتماندا زیندووینو لەبەردەمی ئەودا سەربەرزینو بەدەستی خاڵییەوە ناچینەوە بۆ لای ئەو، مردنیشمان ژیانە.

ئێستا دەتوانین بپرسین: ئایا محەمەد ئۆزۆن مرد، یان لەمردن پەڕییەوەو بە نەمریی گەیشت؟ ئاخۆ ڕاستی نەکرد کە وتی من دەچمەوە لە دیاربەکر دەژیم؟

**ئەدی ژیان چۆن چۆنییە؟!**